# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.
ئەم ژمارەیە لە سلێمانییەوە بڵاوکراوەتەوە..

# تاراوگە TARAWGA

**20 Dec. 2018 No. [26]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**

لەم مانگەدا دەستەیەک کەسایەتی ناسراوی کورد کۆچی دواییان کرد...! ل1

کورد و سیندرۆمی ستۆکهۆڵم نوسینی: دکتۆر جەبار قادر – ل 2

شەهید شێخ حسێن بەرزنجی ئاوازدانەری سرودی ئەی ڕەقیب و سرودی نیشتمانیی هۆڵەندی یان سرودەکەی ڤیلهیلموس.. لێدوانی: محەمەد جەزا بەرزنجی..... ل 3

شازدە ئەفسانەی تەندروستیی! بەدواداچوونی: موزەفەر عەزیز..... ل 4

هونەرمەندی پەیکەرساز و شێوەکاری هۆڵەندی ئاری ئاچیە فێدڵهۆن لە تەمەنی 84 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد......ل8



KURDISH DIASPORA

تاراوگە
TARAWGA
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت
20 December 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 26
ساڵی یەکەم 20 دیسەمبەری 2018

# لەم مانگەدا دەستەیەک کەسایەتی ناسراوی کورد کۆچی دواییان کرد...!




نوسەر و ڕاگەیاندنکاری ناسراو، بەکر شوانی لە پەیجەکەی خۆیدا نوسیوێتی: دوو ساڵ لەمەوبەر و لەم مانگەدا دوو نوسەر و توێژەری پڕ بەرهەممان ماڵئاواییان لێمان کرد، د. جەمال ڕەشید و د. کوردۆ عەلی... ئەمسەر و ئەوسەری میدیای کوردیم کرد، لە هیچ جێگەیەک دوو دێرم دەربارەی ژیاننامەیان نەدۆزییەوە. ئەمڕۆیش مستەفا ساڵح کەریم کۆچی کردووە و چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش د. جەمال نەبەز و ئەنوەر سوڵتان پەنا و مریەم قازی و سمکۆ پاکزاد کۆچییان کرد....ڕەوانیان شاد ...

بیرمەند و نوسەری ناسراوی کورد، مامۆستا جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٣٣ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەسەرەتای خوێندنیدا جگە لە خوێندنی ئیسلامی، فەلسەفە و سیۆلۆجی و فیزیا و ماتماتکی خوێندووە. لە نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، لە زانکۆی بەغدا، فیزیا و ماتماتیکی خوێندووە. لە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و بەغدا و بەسرە وانەی گوتووەتەوە، ساڵی ١٩٦٢ چۆتە ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن و پاشان لە زانکۆکانی مینوخ و ۆزبورگ خوێندنی ئیسلامیی و ئێرانناسی و شێوازی گوتنەوەی وانەی خوێندووە. لەساڵی ١٩٦٧–١٩٧٠ لە زانکۆی هامبۆرگ خوێندویەتی و هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دادەمەزرێنن.

–لەساڵی ١٩٧٠–١٩٧٦ لەزانکۆی بەرلینی ئازاد زانستە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسی و یاسای خوێندووە.

– یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کاژیک.

– لە ساڵی ١٩٦٢ کە کوردستانی جێهێشتووە بەهیچ جۆرێک نەگەڕاوەتەوە.

–یەکێکبوو لە سەرەکیترین دامەزرێنەرانی کاژیک و نوسەرانی (کاژیکنامە) . لەساڵانی سەرەتادا یارمەتییەکی زۆری پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)ی داوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چالاکییەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەواد مەلا. ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیر و هوشیاری نەتەوەییدا لە کوردستاندا.

د.جەمال نەبەز ، لە ڕۆژی 11/11/2018 لە شاری بەرلین بەهۆی نەخۆشییەکی سەختەوە لە نەخۆشخانەدا خەوێندرا و دوای چەند ڕۆژ لە کەوتنەنێو کۆماوە بەهۆی هەناسەتەنگبوونەوە، ڕۆژی 8/12/2018 کۆچی دواییکرد و لە دوای خۆی وەسیەتنامەیەکی بەجێهێشتووە.




ساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە.

ساڵی 1950 چۆتە – خانەی مامۆستایان– لە بەغدا.

لەبواری پەروەردەدا ماوەی 32 ساڵ مامۆستاو بەڕێوبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە، لە قەڵادزێ و سێوسێنان و دارۆخان، چوارتا، سلێمانی، فەللوجە و ڕومادی.

ساڵی 1963 گیراوە و ساڵ و نیوێک تەوقیف بووە. پاشان هەر بەکەفالەتی کەسی زامن یان بەحەپسی ساڵێک بەربوو.

لەژیانی مامۆستایەتیدا چەندین جار توشی دوورخستنەوە بووە، دواجاریان ساڵی 1975 بوو، بۆ ڕومادی سێ ساڵ دوورخراوەتەوە.

لەبواری ئەدەبیدا نیو سەدە زیاترە دەنوسێ و هەمیشە قەڵەمی لەخزمەتی گەلدا بووە و چەندین بەرهەمی ئەدەبی بەچاپ گەیاندوە، بەکوردی و بەعەرەبی ڕۆڵی دیاری هەبووە. لەبەرهەمەکانی :

1– زڕەی زنجیر/ چیرۆکێکی درێژە .

2 – شەهیدانی قەڵای دمدم/ کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە .

3– پەتا سپیکە/ شانۆنامەیەکی چیکییە، لەعەرەبیەوە کردوویەتی بە کوردی .

4 –دایکی ئازادیخوازان/ کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانی یە لەعەرەبیەوە کردوونی بە کوردی .

5–ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم/ کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەدەبی بەرگرییە .

6–هونەری کورتە چیرۆک نووسین/ کۆمەڵە گوتارێکی ڕەخنەگرە بیانی یە بەناوبانگەکان .

7–باخێک لەوشە/ ژیاننامەی شاعیری گەورە پیرەمێردە .

8–رحلة الى بلاد الراين/ بەعەرەبی .

9–اليوم الثالث/ بەعەرەبی .

لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا :ڕۆژنامەنوسێکی کارامە و بەسەلیقە بووە بە زمانی کوردی و عەرەبی لەو سەردەمەی مامۆستا گۆران لە ڕۆژنامەی ژین کاری کردووە لە سەرەتای ساڵانی پەنجاوە، ئەمیش دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە، بەداخەوە ڕۆژی ١٦–١٢–٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد و چووە ڕیزی نەمرانەوە.

# کورد و سیندرۆمی ستۆکهۆڵم (*)

دکتۆر جەبار قادر

ئەم گوتارەم بەر لە ساڵ و نیوێک بڵاوکردۆتەوە، هەندێ کەس ناوەڕۆکەکەیان بە شێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ بە ناوی خۆیانەوە گواستەوە، هەندێ کەسی دیکە لە کۆمێنتەکانیان وەک هەموو شتێک وایان لێکدایەوە، کە دەبێت ئەم نوسینە بۆ خزمەتی لایەنێک نوسرا بێت و زۆر گوتەی نابەجێیان بۆم ڕیز کرد. ئەوسا و ئێستاش تەنها مەبەستم هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ دیاردە لە کۆمەڵگای کوردیدا. دەتوانین کۆمەڵێ شتی تری بخەینە سەر، کە لەم ساڵ و نیوەی دواییدا ڕوویاندا و ڕەنگبێ ئەم بۆچوونە پشت ڕاست بکەنەوە.



سیندرۆمی ستۆکهۆڵم دەستەواژەیەکی سایکۆلۆژییە، بریتییە لە بارێکی دەروونی، کە هەندێ لەو کەسانەی دەرفێندرێن و بەبارمتە دەگیرێن تووشی دەبن، کاتێک هەستی هاوسۆزی و تەنانەت خۆشەویستی بەرامبەر بە ڕفێنەرەکەیان لە لایان پەیدا دەبێت. ئەم بارە دەروونییە لە نێوان کەسی بە بارمتەگیراو و ڕفێنەرەکەی لە ئەنجامی پێکەوە بەسەربردنی دەمێکی درێژی پڕ لە ترس و نیگەرانی و هەستی تێکەڵاو دێتە کایەوە. بۆ نموونە کاتێک تاوانکار قوربانییەکەی ناکوژێت، ئەم کارە بەلای ئەمەی دواییانەوە هەڵس وکەوتێکی جوامێرانەیە. ئەم هاوسۆزی و خۆشەویستییە هەندێ جار تاکلایەنەیە و جاری واش هەیە دوولایەنەیە. سیندرۆمی ستۆکهۆڵم وەک دەستەواژە لە ساڵی ١٩٧٣، لە دوای بە بارمتەگرتنی کارمەندانی "کریدیت بانک"ی سویدی پەیدا بوو، کاتێک بە بارمتەگیراوەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا لە قازانجی ڕفێنەرەکان قسەیان ئەکرد. نیڵس بییەروتی شارەزا و پسپۆڕی زانستی تاوانکاری "کریمینۆلۆژیا"، کە لە کەیسەکەدا هاوکاری پۆلیسی دەکرد، ئەم ناوەی لە دیاردەکە نا. هەندێک جاریش بە هەڵە بە سیندرۆمی هێلسنکی ناوی دەبرێت.

ڕادیۆی بی. بی. سی هەواڵێکی لە بارەی ئەو کچانەی نایجیریاوە بڵاو کردەوە، کە بە کچانی چیبۆک ناسراون و بوکو حەرام لە ساڵی ٢٠١٤ فڕاندنی و بۆ دەمێکی درێژ وەک بارمتە لە لای خۆی گلیدانەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە، کە هەندێک لەوکچانە شوویان بە ڕفێنەرەکانیان کردووە و ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە بۆ لای کەس و کاریان، هەندێکیشیان لە دوای ئازادکردنیان گەڕاونەتەوە بۆ لای حەرامزادەکانی بوکو. بە پێی هەندێ کەس ئەمە بەرجەستەکردنی ئەو بارە دەروونییەیە کە بە سیندرۆمی ستۆکهۆڵم ناوی دەرکردووە. بابەتی ئەم سیندرۆمە ئەوەندەی من بزانم باس لە تاکەکان دەکات و کاری وردی شارەزایانی سایکۆلۆژییە.

بە یارمەتی پسپۆڕانی ئەم بوارە، من دەمەوێت بۆ لێکدانەوەی باری دەروونی گەلی داگیرکراوی کوردی بەکار بێنم. دەزانم کارێکی زانستی نیە، منیش لێرەدا وتاری ڕۆژنامەوانی دەنووسم نەک لێکۆڵینەوەی زانستی، بۆیە دەکرێت پەنای بۆ بەرم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم.



لاپەڕەکانی مێژووی کورد پڕن لە دیاردەی دڵسۆزی تا ئاستی عیشق بەرامبەر بە داگیرکەری بێگانە، دڵسۆزی کوردی بەبارمتەگیراو بۆ ڕفێنەرەکەی. هیچ سەردەمێکی مێژوویی نادۆزیتەوە ژمارەیەک لەو عاشقانە لە ژێر نێوی جیاوازدا، عاشقی داگیرکەران نەبووبن و خزمەتی گەورەیان پێشکەش نەکردبن. ئەگەر خۆمان بە ڕابردووی دوورەوە خەریک نەکەین، ئەوا سەدەی بیستەمینمان پڕە لە دەستە و گرووپی لەو جۆرە هاوسۆزانەی داگیرکەران. ئەگەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، خۆمان خەریک نەکەین و لە چوارچێوەی باشوری کوردستاندا بمێنینەوە، ئەوا دیسان دەیان جۆری جاش و خۆفرۆش دەبینین، لە سوارەی سەلاحەدین، مەفرەزەی تایبەتی، فەوجی سوکە، فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی، سوپای میللییەوە تا دەگاتە حەشدی شەعبی. سەدان ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەت، سەرانی حیزبی کارتۆنی، دەستە و تاقمی هەواڵگری، قەڵەم فرۆشان و لق و پۆپی پارت و ڕێکخراوی تێکبەربوو لە خزمەتی داگیرکەری عیراقیدا بوون و هەندێکیان بەردەوامن.

لەم سەردەمەدا کە عێراق بووە بە ناحەزترین وڵات لە هەموو ئاستەکاندا، گەندەڵی کاربەدەستانی هەموو سنوورێکی بەزاندووە. پایتەختەکەی بە خراپترین، ترسناکترین و پیسترین پایتەختی دونیا ناوبانگی دەرکردووە، باسی خوێندن و تەندروستی ...هتد هەر ناکرێت. ئەو کوردانەی ئا لەم عیراقدا سیندرۆمی ستۆکهۆڵمیان هەیە لە هەموو کوردەکانی مێژوو گەمژە ترن. هاوسۆزان و عاشقانی ئەمڕۆی مالیکی، عەبادی و مشعان جبوری و دز و جەردەکانی زۆنی سەوزی بەغدان، تیپێکی زۆر تایبەتن. ئەمانە لە پایتەختی ئەنفال و کیمیابارانەوە ئەو پەڕی دڵسۆزی بۆ "نیشتمانپەروەری عیراقی" ڕادەگەیەنن و لە ژێر پەردەی دژایەتی کردنی نەیارە سیاسییەکانیان لە کوردستان، زۆرترین سوکایەتی بە خەونە پیرۆزەکانی هەموو کورد دەکەن، کە سەدان هەزار مرۆڤ ژیانی خۆیان لە پێناودا بەختکردووە. لە کوردستانیش لە ئاوازێکی زۆر جیاواز دەخوێنن و کەس لە خۆیان بە کوردتر نازانن. زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە لە ڕابردوو و ئێستاشدا بەشێکی سەرەکی بوونە لەم سیستەمە گەندەڵەی کوردستان و بە پشتگیری ڕابەرانی دەستیان گەیشتووەتە هیزەی ڕۆنی زۆنی سەوز.

(*) هیچ سایت و بڵاوکراوەیەک بۆی نیە بە بێ پرسی نوسەر بڵاوی بکاتەوە.

# شەهید شێخ حسێن بەرزنجی ئاوازدانەری سرودی ئەی ڕەقیب و سرودی نیشتمانیی هۆڵەندی یان سرودەکەی ڤیلهیلموس.. لێدوانی: محەمەد حەمزا بەرزنجی



دیاریەکی گرانبەها گەیشتە نێو کتێبخانەکەم، بەناوی (شەهید شێخ حسێن بەرزنجی ئاوازدانەری سرودی ئەی ڕەقیب)، ئەو سرودەی هەر لەسەرەتای منداڵیەوە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، خوێندکاران پێی گۆش دەکران و لەبەریان دەکرد، هاوڕێی نوسەر و ڕۆژنامەنوس و شاعیرم کاک شێخ ساڵح بەرزنجی ئامادەی کردووە و نوسیویەتی و بە دیاری دانەیەکی بە سوپاسەوە بۆ ناردووم.

ئەم کتێبە 80 لاپەرەیە بە قەبارەی 20 بە 15 سم، هەر وەک باسی لێوە کردووە، نوسەر پاش ماندوو بوون و گەڕان و دڵنیابوونی تەواو، ئەم ساخکردنەوەیەی لەسەر ئاوازدانەری سرودی (ئەی ڕەقیب)ەکەی دڵداری شاعیری کردۆتە کتێب و جارێکی تر تواناو بەهرەی شەهید شێخ حسێن بەرزنجی لە ونبوون و تیاچوون زیندویکردۆتەوە، ئەم کتێبە پاش پێشەکیەکەی، چاوخشاندنێکی خێرا، زانیاری پێشکەش کردووە لەسەر مێژووی سرودی وڵاتان و نەتەوەکان، لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا بەبەڵگەوە نیشانی داوە، دانانی ئاوازی سرودی ئەی ڕەقیب ی گەڕاندۆتەوە بۆ شەهید شێخ حسێن بەرزنجی، لە کۆکردنەوەی زانیاریەکانیشدا پشتی بەستووە بە 12 سەرچاوە، لە کەسایەتی ڕوناکبیر و ئاینیی و هونەرمەند و گۆڤار و یادداشتی نوسراوەدا، بە کورتەیەک لە ژیاننامەی خودی خۆی و کۆمەڵێک وێنە بەناوی ئەلبومی وێنەکان، کە دیسان دەبنەوە بە پاڵپشتێک بۆ ناوەڕۆکی کتێبەکەی، کۆتایی بەمەبەست و ئامانجەکەی هێناوە. لە کتێبەکەیدا باس لە سرودی نیشتمانیی هۆڵەندا دەکات، (ڤیلهێلمۆس یان ویلهێلمۆس)، کە بەڕەسمی لەساڵی 1932 دا ناسرا و پاشان لە جەنگی جیهانی دووەمدا، وەک هێمایەکی نیشتمانی دەگوترا و بەزۆری کۆپلەی یەکەمیشی دەگوترا، کە بەم جۆرەیە:

ڤیلهیلموس ڤان ناساو


من لە خوێنی ئەڵمانیم

ئەوانەی باوەڕیان بە نیشتمانە

تا مردن دەمێننەوە

شازادەیەکی پرتەقاڵیم

پادشاکەی ئیسپانیا




ئەم سرودە لە پانزە کۆپلە پێکهاتووە، گەرچی دەقی سرودەکە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ساڵی 1570، بەڵام ئاوازەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەهەم، هەروەک نوسەریش شێخ ساڵح بەرزنجی ئاماژەی پێداوە بە یەکێک لەکۆنترین سرودە نیشتمانیەکان لە جیهاندا ناسراوە، ئەوەی دەگوترێت ئەم هۆنراوەیە هەر لە لایەن:



(WILLEM VAN ORANJES) شازادەی پرتەقاڵی گوتراوە و خودی خۆشی کاتی خۆی هەرواى گوتووە بەڵام هیچ بەڵگە و پاڵپشتێکی نوسراو نیە، بۆ ئەم ڕاستییە، (هەر وەک چۆن نوسەر کاک شێخ ساڵح ڕاستی و بەڵگەکانی لە دوتوێی ئەم کتێبەدا بۆ نەوەکانی ئاینده ئامادە و ئاسان کردووە)، هەر لەوەدەمانەی کۆندا کۆپلەی ئەم سرودە، گۆرانیی بووە بەدەم سوالکەرەکانەوە و کەس نازانێت سەرچاوەکەی کێیە...؟ ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ خاوەنەکەی کاتی خۆی ناوی تۆمار نەکراوە، چونکە لەو ساڵانەدا هەر کەس گۆرانی یاخیبوونی بگوتایە، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەدرا، دەماودەمیش وادەگێڕنەوە ڤیلم ی پرتەقاڵی ئەم دەقەی لە کاتی پێکدادانەکانی ڕاپەرینی هۆڵەندەدا گوتووە، تا لەسەرێکەوە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەوڵەت بکات، بیسەلمێنێ کە دڵسۆزە بۆ پاشای ئیسپانیا، پاشان دوای ویژدانی خۆی دەکەوێت و لە خزمەتکردن بەنوسین بە پلەی یەکەم بۆ خودا و بۆ میللەتی هۆڵەندی، ئەم سرودە لەسەرەتادا گۆرانیەکی میللی بووە، لە ڕێپێوانی سەربازیدا و پاشان ئەمە بەتەواوی لە بیرکرا، تا لەسەدەی نۆزدەهەم دۆزیانەوە، وەک سەرەتایەک بۆ بازنەی دەسەڵاتی پرتەقاڵی و ئاینی. (هەر بۆیە ئەم کارەی نوسەر لەسەر سرودی ئەی ڕەقیب مێژووی ئاینده، پڕ بەڵگە دەکات و چ وەک شیعری سەردەمەکە، یان وەک دانەری ئاوازەکە).

# شازدە ئەفسانەی تەندروستیی! بەدواداچوونی: موزەفەر عەزیز

هەندێ ڕستە کە زۆرجار گوێبیستی دەبین لەوانە: لوتت بۆ سەرەوە هەڵمەلوشە، بنێشت قووت مەدە، لەکاتی خۆخێلکردن، چاوت وەک خۆی لێنایەتەوە و دەوەستێ! ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی، ئەو پرسە تەندروستییە ئەفسانەییانە وەردەگرێت و ڕوونیان دەکاتەوە، کامەیان بەتەواوی ڕاستن.....!

*پەنجەتەقاندن خراپ نییە!

ئەمە بەداخەوە ڕاست نییە، چونکە بەهۆیەوە جومگە و نێوانەکان دەسوڕێن، بەبەردەوامیش خراپە و پەنجەتەقاندن، لەوانەیە ببێتە سەرەتایەک بۆ هەوکردنی جومگەکان.



* پاسکیل هاژوشتن ساردی لەپەیوەندیی سەرجێیی دروست دەکات! تەنها گەر بەڕادەیەکی زۆر(500 کم لەهەفتەیەکدا) ولەسەر کوشنێکی رەق دانیشیت، لەوانەیە بۆماوەیەک کاریگەری هەبێت، چونکە دەبێتە هۆی گوشینی موولولەکانی خوێن و دەمارەکان.

*دەنکەشووتی لە کاتی قووتدان و شینبوونەوەی لەگەدەدا!

داستانێکی ترسناکە. ئەمیش وەک هەر پارچەیەکی تری بێگانە لە لەشدا لەناو ڕیخۆڵەکان نامێنێت و دەردەچێت، لەناو سکیشدا نارِوێتەوە.

*تیشکی مۆبایلەکان وکاریگەری لەسەر خەو!

هەندێ لەلێکۆڵینەوەکان، بەڕاستی ئەمە دەسەلمێنن، کە پێ بوونی مۆبایل وتیشکە کارۆموگناتیزیەکان هۆکارن بۆ تێکدانی خەو. بەڵام پێش نووستنیش دەستییەکە بەکاربهێنیت، لەوانەیە هەر بەهۆی ڕووناکی شاشەکەوە بەخراپ خەوت لێ بکەوێت، بەڵام گەر کوژابێتەوە(بۆ نموونە لەسەر پێگەی فڕین بێت)، ئەوا هەراسانت ناکات.

*گێزەر بۆ چاو باشە ! هەڵەیە! هەرچەندە گێزەر مادەی بیتا-کارۆتینی تێدایە، بۆ چاو ڤیتامینA گرنگە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی بڕی ئەو دەبێ چەند کیلۆگرامێک لە ڕۆژێکدا بخورێت، تا پێویستی ڤیتامینی بیتا- کارۆتین داپۆشێت، ئەڵمان پەندێکیان هەیە دەڵێ: گێزەر بۆچاو باشە، بەڵگەش ئەوەیە، کەهیچ کەروێشکێک نابینی چاویلکەی لەچاوبێت.

* مەی گەرمت دەکاتەوەو یارمەتی هەرسکردن دەدات! قسەی بەلاش! هۆکارەکە تەواو پێچەوانەکەیەتی، ئەلکهول وا لە لەش دەکات کە ساردبێتەوە و گرفتی هەرسکردنیش بەهێزتر دەکات.

*کولا باشە لەدژی سکچوون ! ڕاستە، جەستە پێویستی بە شەکر دەبێت، تا ڕێژەی کانزاکان زیاد بکات، کە بەهۆی سکچوونەوە لەدەستی دابوو، بەڵام بۆئەمەش هەموو جۆرە خواردنەوەیەک، کە شەکری تێدابێت یارمەتیدەر دەبێت، نەک بەتەنێ کۆلا.

* ئەوەی لەکاتی پژمیندا کەپوی بگرێت، ئەوا خانەکانی مێشکی تێکدەچێت..! بێخەم بە، بەهۆی ئەمەوە خانەکانی مێشک نامرن، بەڵام ناشبێ پژمین قەتیس بکرێ، چونکە ئەو ڕێچکەکانی هەوا پاک دەکاتەوە.



* لوت هەڵلوشین ناتەندڕوستە!

ئەمەش پێچەوانەکەی راستە، بەڵکو بەهێزێکی زۆرەوە لوت پاککردنەوە ناتەندروستە، چونکە بەهۆیەوە ئاو وڤایرۆس دەچنە لایەکانی لوت وگوێچکەی ناوەڕاست ومەترسی هەوکردنی دەبێت.

*بنێشتی قوتدراو گەدە بەیەکەوە دەنووسێنێت!

تا ئێستا لەهیچ ئەفسانەیەکی ترسناکیش نەبووە و بیری لێ نەکراوەتەوە.

* لەوەختی خۆ خێل کردن لەوانەیە چاوەکان لە شوێنی خۆیان بوەستن! ...بەس وانییە! پێویست ناکا لەوە بترسی کە چاوەکان دەوەستن .

* زۆر نووستن تەندروستە! هەتا رادەیەک راست نییە، چونکە هەندێ ئاماژە هەن زۆر نووستن بەخراپیش لەقەڵەم دەدەن. لەبەر ئەوەی مردن ونەخۆشی لەمرۆڤدا بەئاشکرا زۆر دەبێت، گەربێت و لەهەشت دەمژمێر بەبەردەوام زێتر بخەوێت.

* زۆر سەیرکردنی (تێ ڤێ) چاو خوار دەکات.... نەخێر خوارنابێت، بەڵام ئەوەی بۆ ماوەی زۆر و لەمەودایەکی کورتەوە بەدیار شاشەیەکەوە، (هەروەها بۆنموونە کۆمپیوتەریش) بمێنێتەوە، ئەوا مەترسی نەخۆشی کورتبینی لێدەکرێت.

*دانانی پارچەگۆشتێک شین بوونی چاو لادەبات!

نەخێر، ئەمەش پێچەوانەکەی ڕاستەو مەترسیدارە، چونکە لە گۆشتی خاودا جۆرە میکرۆبێک هەیە، کە ڕەنگە چاو تێک بدات.

*چەوری ناتەندروستە !

پێشتر وا دەزانرا، لێ ئەمڕۆ وەک دەزانرێ: لەشمان پێویستیی بەچەوری هەیە، چونکە وزە پەیدادەکات، کاردانەوەی ئەرێنی هەیە، بەهەرحاڵ: بەرێژەیەکی زیاد مەیخۆن و لە شوێن و چێشتخانە خێراکان لەخواردنی وەک (پۆمس وچیپس) هەتا بکرێ دووورکەونەوە.

# "کوتەکی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ بەسەر سەری کوردەکانەوە دەبێت چونکە لە ڕووی مەیلیانەوە بۆ یاخیبوون پێویستە چاودێری بکرێن!"




هەرێم – ویلایەتی کارتۆنیی کوردستان ١٨٤٧–١٨٦٧




ئەنجامی شەڕەکانی عوسمانی–کورد لە ١٨٤٦–١٨٤٧ کە بە دوورخستنەوەی میرەکانی کورد بەدرخان بەگ و مەحموود خان کۆتایی پێهات، لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا وەک "سەرلەنوێ فەتحکردنەوەی کوردستان" تۆمار کراوە. پاش دوورخستنەوەی میرەکان یەکسەر لەبەر ڕۆرشناییی ئەو نزیکبوونەوە نوێیانەی لەگەڵ تەنزیماتدا هاتبوون، دەست کرا بە ڕێکخستنەوەیەکی نوێ بەمەبەستی دامەزراندنی نەزم لە هەرێمەکە. وەک ئاشکرا دەبێت، عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ وەک کەسێکی زۆر شارەزای هەرێمەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیەدا. بەو پێیە ویلایەتی هەکاری، سەنجەقەکانی وان، مووش و هەکاری، جزیرە و بۆتان و قەزاکانی ماردین یەک خران و ویلایەتێکی نوێ دامەزرێندرا و وەک یادگارییەک بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی میرە کوردەکان کە سەردەمانێکی درێژ دەوڵەتیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کرد و بۆ ئەوەی ناوی سوڵتانی ئەو سەردەمە (سوڵتان عەبدولمەجید) وەک "فاتیحی ڕاستەقینەی کوردستان" وەبیر بهێنێتەوە، ناوی "ویلایەتی کوردستان" لەو ویلایەتە نوێیە نرا. دەتوانرێت دامەزراندنی ویلایەتی کوردستان بە کۆتایی ئەو سەردەمە دابنرێت کە لەگەڵ یاوز سوڵتان سەلیمدا دەستی پێکرد و لەسەر بناغەی میرنشینە ئۆتۆنۆمەکانی کورد بنیات نرابوو. ئەگەر شەڕی چاڵدێران لە ١٥١٤ بە دەستپێک و ساڵی ١٨٤٧ی ساڵی دامەزراندنی ویلایەتی کوردستان وەک مێژووی بەکۆتاهاتن دابنێین، بۆمان دەردەکەوێت میرنشینە ئۆتۆنۆمەکانی ناو پێکهاتەی دەوڵەتی عوسمانی ماوەی نزیکەی ٣٣٣ ساڵ بەردەوام بوون. لە سەروبەندی دامەزراندنی ویلایەتی نوێدا هەرە زیاد گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا داخۆ کوێ بکرێت بە ناوەندی ویلایەت. لە کاتێکدا لێپرسراوانی دەوڵەت بۆ شوێنێک دەگەڕان، بیر لە پێویستیی جێگیرکردنی سوپای ئەنادۆڵ لە هەمان شوێن دەکرایەوە. لە ئاکامدا ڕاگەیەندرا ناوچەی خەلات لە کەناری دەریاچەی وان "لە ناو جەرگەی کوردستاندایە" و وەک ناوەندی ویلایەتی نوێ و سوپای ئەنادۆڵ هاتە هەڵبژاردن. وەک لە یاداشتی بڕیارەکەشدا دەردەکەوێت، نزیکیی خەلات لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسەوە و هەڵکەوتنی لە ناوەڕاستی کوردستاندا و بیرۆکەی ئەوەی کە سوپای عوسمانی هەموو کاتێک دەتوانێت وەک هێزێکی بەرپەرچدەرەوە گوشار بخاتە سەر کوردەکان، ڕۆڵی هەبوو لەو هەڵبژاردنەدا. ویلایەتی کوردستان بە یاداشتی ١٢٦٣/z/٢٦ (١٨٤٧/١٢/٥ (هاتە دامەزراندن و ئەسەد موخلیس پاشای والیی موسڵ بە یەکەم والیی کوردستان دامەزرێندرا. یاداشتی تایبەت بەو بابەتە بەمجۆرە دەست پێدەکات؛" حەزرەتی پاشای دەوڵەتلی مووشیری سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ چەند لێکۆڵینەوە و قسەیەکی سەبارەت بە داهاتووی هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی) هەبوو، کە وەک شاکاری حەزرەتی شاهانە ئەمجارە لە دەستی چەتەکان ڕزگار کرا و لەوانەیە (بەمجۆرە) سەرلەنوێ فەتح کرابێتەوە. تاوتوێکردن بە پێویست زانرا و بەمەبەستی خستنە پێش چاوی هەقپای عالی، پێرێ دەوڵەتلی سەرلەشکر پاشا، فەتحی پاشا، ڕەیس پاشا، مووشیر پاشای موشارون ئیلەیهی (عوسمان پاشا)، عاتیفەتلی نازر ئەفەندی و حەزرەتی ڕاوێژکاران لە بابی عالی کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد. لەبەرئەوەی مووشیری موشارون ئیلەیهی لە وتەی پێشووتریدا گوتبووی ناوچەی خارپووت شوێنێکی لەبارە بۆ جێگیرکردنی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ، ئێستا سوپای هەمایۆن لە کەناری ئەو بازنە ناوبراوەیە. ناوچەی خەلات کە دەکەوێتە کەناری ئەوبەری دەریاچەی وانەوە، لە ڕووی ئاو و هەوا و خێر و فەڕەوە سوودی دەبێت و ئاسانکاری دەکات بۆ جێگیرکردنی سەرباز. لە ڕووی پێگەوە بەتەواوی لە ناوەڕاستی بازنەی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵدایە و لەم ڕووەوە بەبەراورد لەگەڵ ناوەندی پێشوودا (خارپووت)، لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیاوە نزیکترە. لەبەرئەوەی؛ ئاسانە بۆ پێگەی سەربازی و کاروباری شەڕ و ناردنی سەرباز بۆ هەموو لایەک و بەتایبەتیش لەبەرئەوەی لە ناو جەرگەی کوردستاندایە و بەوجۆرە کوتەکی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ بەسەر سەری کوردەکانەوە دەبێت، چونکە لە ڕووی مەیلیانەوە بۆ یاخیبوون پێویستە چاودێری بکرێن؛ مووشیر پاشا سەبارەت بە پێویستی و چۆنیەتیی کردنی ناوچەی ناوبراو بە ناوەندی لەمەودوای سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ پشتی بە زانیاریی سەربازی و خۆجێیی بەستووە و لەبەرئەوەی ئەمە دەکەوێتە خانەی کاروباری سەربازییەوە، بڕیار درا جارێکیش لە شوورای سەربازی تاوتوێ بکرێت و پاش ڕاوێژکردن بە زاتی شاهانە کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەنجامەکان بکرێت.

"وتەکانی تری مووشیر پاشا لە پلەی دووەمدان، واتا دەستی کردووە بە گفتوگۆی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنیی هەرێمەکە. بۆچوونی مووشیر پاشا لەم بارەیەوە ئەوەیە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی نەزم و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستانی (کوردستانی عوسمانی) ئەمجار بەدەست خراو؛" ئێرە بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت و سەربەخۆ، زاتێکی خاوەن درایەت و زانا بکرێت بە لێپرساوی، واتا ویلایەتی دیاربەکر. سەنجەقەکانی وان، مووش و هەکاری و قەزاکانی جزیرە و بۆتان و ماردین یەک بخرێن و ویلایەتێک پێکبهێندرێت. دامەزراندنی سیستەمی هەمیشەییی کوردستان بەندە بە هیمەتی هاوبەشی سوپای هۆمایۆن و ئەو زاتەی کە دەبێت بە فەرمانبەری کاروباری مەدەنی. لەبەرئەوە، بوونی والیی ویلایەتی نوێ لە ناوەندی سوپای هەمایۆن کارێکی زۆر بەسود دەبێت. ناوچەی خەلات کە پێشبینی کراوە بکرێت بە ناوەندی سوپای هەمایۆن، بیر لەوە کراوەتەوە بکرێت بە ناوەندی ویلایەتی جێگەی باسیش. دامەزراندنی نەزمی هەمیشەییی هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی) کە لە ئاکامی موەفەقیەتی سەنییە و بەرەکەتی سوڵتانماندا لە دەستی تاقمێک موتەغالیب و ستەمکار دەرهێندرا، بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی دانیشتووان پێویستە و لەبەرئەوەی دەزانرێت کە ئەوەیش بە ڕێکخستنەوەی هەرێمەکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتدا مەیسەر دەبێت؛ ئەم شوێنانە وەک ویلایەتێک نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت و بەمەبەستی ئەوەی بیرهێنەرەوە بێت بۆ ئەوەی کە جەنابی سوڵتانمان فاتحی ڕاستەقینەی ئەم دەوروبەرەیە، ناوی دەنرێت ‘‘ویلایەتی کوردستان‘‘ و ئەگەر شوورای سەربازی بڕیار بدات بکرێت بە ناوەندی سوپا، بە پێویست دەزانرێت ناوەندی ویلایەتیش هەر لەوێ بێت و زاتێکی بژاردە و خاوەن ئەزموون لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت بێتە دامەزراندن. والیی موسڵ عاتیفەتلی ئەسەد پاشا کە بە درایەت و بەناموسی و ڕاستگۆیی ناسراوە و کاتێکی زۆر لەم دەوروبەرە خزمەتی کردووە و زاتێکی شارەزای بارودۆخی مەملەکەتە، هەڵبژێردراوە بۆ ویلایەتی کوردستان و مووشیر پاشایش سەبارەت بەم زاتە گەواهی باشەی داوە. لەبەرئەوەی هەردوو کارەکە پێکەوە دەبێت، ئەگەر ئارەزوو لەسەر دامەزراندنی ئەسەد پاشا هەبێت و فەرمانی دامەزراندنی ئەسەد پاشا بە والیی کوردستان لەلایەن زاتی شاهانەوە دەربچێت، ئەو کاتە نۆرە دێتە سەر پێویستیی دامەزراندنی کەسێکی تر بۆ موسڵ". لە درێژەی یاداشتنامەکەدا ئاماژە دەکرێت بۆ دامەزراندنەکانی هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی). بەو جۆرە بڕیار درا وەجیهی پاشای والیی پێشووتری بەلگراد بکرێت بە والیی موسڵ، حەمدی پاشا بە والیی ئەرزەڕووم، سەبری پاشا بە والیی خارپووت، محەمەد ڕەشید پاشا بە قایمقامی وان و سلێمان پاشا بە قایمقامی دیاربەکر. هەروەها بڕیار درا قەزاکانی جزیرە–بۆتان و ماردین یەک بخرێن و مستەفا پاشای قایمقامی ئەو کاتەی وان بۆ ئەوێ دابمەزرێندرێت و تۆفیق ئەفەندیی دەفتەرداری ئەرزەڕومیش وەک دەفتەرداری ویلایەتی کوردستان بێتە دامەزراندن. شاری خەلات لەسەر کەناری باکوری دەریاچەی وان ماوەی چوار ساڵ ناوەندی ئەو ویلایەتە بوو تا لە تەمووزی ساڵی ١٨٥١دا قایمقامیەتیی دیاربەکر هەڵوەشێندرایەوە و ناوەندی ویلایەتی کوردستان بۆ دیاربەکر گوازرایەوە. شاری دیاربەکر نزیکەی ١٦ ساڵ ناوەندی ویلایەتی کوردستان بوو. بەپێی ڕێکخستنێکی نوێ کە ساڵی ١٨٦٧ دەستی پێ کرا، ویلایەتی کوردستان و ویلایەتەکانی "ماموریەتولعەزیز" یەکخران و ویلایەتێکی نوێ بەناوی دیاربەکر پێکهێندرا. بەو جۆرە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە ویلایەتی کوردستان هات.

سەرچاوە :

کورد و بەرخۆدانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی دەوڵەتی عوسمانیدا (١٨١٧–١٨٦٧)، سینان هاکان، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٢

----

* بەکر شوانی*

بەکالۆریۆسی ڕۆژهەڵاتناسی–بازنەی تورکیاناسی، زانکۆی بۆن، ٢٠١٦

*بەکالۆریۆسی زانستی نەوت و کانەکان، زانکۆی بەغدا،

# دیپۆرتی زۆرەملێی پەنابەران لە هۆڵەندەوە دەستی پێکردەوە

لەم ژمارەیەی بڵاوکراوەی تاراوگەوە، بە نیازین هەواڵی پەنابەران بە گشتی و زانیاری و بارودۆخی پەنابەرانی کورد لە هۆڵەندە و وڵاتانی ئەوروپا بخەینەڕوو، هەروەها جارجار لاپەڕەیەک تەرخان بکەین بۆ هەواڵ و چالاکییەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران، تاراوگە هەواڵەکانی لە شەهرام حەمە نوێنەری فیدراسیۆنی پەنابەران لە هۆڵەنداوە پێدەگات،








لەدەرئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هۆڵەندا، یەکەمین پۆلە پەنابەری کورد دیپۆرتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کرانەوە.

ئاری جلال سەرپەرشتیاری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەران ڕایگەیاند، جارێکی دیکە لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە دەستکراوە بە پڕۆسەی ناردنەوەی زۆرەملێی پەنابەرانی کورد، بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

ئاری جلال ڕاشیگەیاند ناردنەوەی خێزانێکی کورد، کەزیاتر لە سێ ساڵە دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندان و هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی، وەک پاسپۆرتی عێراق یان گوزەرنامەی تێۆربوونیان پێ نەبووە، ئەوە دەسەلمێنێت کە نایاساییەو بەدور لە خواست و ڕەزامەندی خۆیان ڕەوانەکراونەتەوە، گوتیشی تەواو پێشێلی بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەران کراوە، لەناردنەوە ئەم پەنابەرانە.

بەداخەوە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە و هەزاران پەنابەری عێراقی بەتایبەتی کورد، بەر ئەم لێشاوە دەکەون، لەدەرئەنجامی دیپۆرتی زۆرەملێ، سەدان هاوڵاتی بارودۆخی دەرونییان تێکچووە و زیاتر لە دە پەنابەر خۆیان کوشتووە و کوژراون. بۆیە حکومەت دەبێت دەستبەجێ ئەم ناحەقییە ڕابگرێت.

شەهرام حەمە نوێنەری فیدراسیۆنی پەنابەران لە هۆڵەندا ڕایگەیاند لە ١٠ جولای ٢٠١٨ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە سەردانێکی وڵاتی هۆڵەندای کردووە، لەگەڵ بەرپرسانی هوڵەندی کۆبۆتەوە، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەکەرتی کشتوکاڵ و هەروەها ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەران لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر..

خێزانێکی کورد ماوەی دوانزە ڕۆژ لە هۆڵەندا لە گرتوخانەی زێست دەستبەسەر کراون، کە منداڵێکی تەمەن یەک ساڵیان پێبووە، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە لەگەڵ چەندین پۆلیسی مەدەنی ڕەوانەی فڕۆکەخانەی هەولێر کراونەتەوە...

## سەبارەت بەمەرگی مەودا خۆپیشاندانێک لە فەرەنسا ڕێکخرا

کاتژمێر ١٢:٣٠ خولەکی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٦ بە بەشداری فیدراسیۆنی پەنابەران لە سەنتەری شاری دانکیخی فەرەنسا بەهاوبەشی ڕێکخراوە فەرەنسی و بەریتانیەکان، گردبوونەوەیەکی نارەزایی ئەنجام درا. مەبەست لەم گردبوونەوەیە شەرمەزارکردنی ڕووداوی ١٦/١٧-٥-٢٠١٨ی ڕێگەی (نامن بۆ بێرخن) لەسەر ئۆتۆبانی E42 کە پاسێک کۆمەڵێک پەنابەری عێراقی تێدابوو، لەلایەن پۆلیسی بەلجیکییەوە تەقەیان لێدەکریت منداڵێکی تەمەن دوو ساڵان بەناوی (مەودا محمد)گیانی لەدەستدا. لەم گردبوونەوەیەدا وێڕای ئیدانەکردنی ئەو ڕووداوە و داواکردنی کردنەوەی سنورەکان لەلایەن ووڵاتانی ئەورووپاو دادگایکردنی ئەو پۆلیسانەی بەشداری ئەو ڕووداوە بوون. لەلایەن بەرێز (شەهرام حمە و بابان جەبار و چیا قادر) لەفیدراسیۆنی پەنابەران. پەیامی (فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی) بە زمانەکانی کوردی و فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ ئامادەبووان خوێندرایەوە.

نوینەرانی ڕێکخراوەکانی داکۆیکار لە مافەکانی پەنابەران، پەیامنیران دەزگاکانی ڕاگەیاندن...

ئەمرۆ ئیمە لیرە کۆبۆینەوەتەوە بەرامبەر تراجیدیا مەرگی مەودا لەناوجەرگەی ئەورووپای دیموکراسی و مافی مرۆڤ، مەدوا تیرۆریست نەبوو، مەودا ی پەپولە قوربانی و هەڵهاتووی دەستی ئەو دەسەڵات و گروپانەن، کە لەلایەن حکومەتەکەی بەلجیکا و ئەوروپاوە پشتیوانی دەکرێن، مەودا هەڵگری پەیام و ئازارەکانی خەڵکی ستەمدیدەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی پێبوو، مەودا دەیویست وەک منالێکی ئەم کۆمەڵگایە لەخۆیندن و لەژیانیکی ئارام و ئینسانی بەهرەمەن بێت، بەڵام نەیزانی سیاسەتی دووڕوویی وڵاتانی ئەوروپا، نەک هەر سنورەکانی بە سەبی کۆنکرتینت و سیمی درکاوی لێ داخستووە، بەڵکو دەستی پۆلیس و دەزگاکانی ئاواڵە کردووە، گیانی منالەکانمان لێبسێننەوە، کەمپەکان و زیندانەکان بکەن، بە شوێنی ژیانمان، مەودا وەک هەرمنداڵێک دەبوو ژیانیکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانەی هەبێت.

بەداخەوە گیانی سپارد، پێویستە مەودا بکرێتە سمبولی بەرگری لە ماف و ئازادییە مەدەنیەکانی خەڵکی بەلجیکا .

سکرتارێتی فیدراسیۆن لەو بارەوە نامەی ئاڕستەی سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا کردووە و حکومەتی بەلجیکا بە پەرپرسی سەرەکی دەزانیت لەو تاوانەی بەرامبەر بە مەودا ئەنجامدراوە، سەرباری ئیدانەکردنی کوشتنی مەودا داوادەکات؛

1- بەفەرمی لێکۆڵینەوە لەمەرگی مەودا بکرێت، ئەوانەی تەقەیانکردووە بەسزای خۆیان بگەیەنرێن.

2- کەسوکاری مەودا لە مافی مانەوە پەنابەری بەهرەمەند بکرێن.

# فەلسەفەی جەستە...هێشتا نەتوانراوە نهێنییەکانی جەستە، بەتەواوی ئاشکرا بکرێن...



سەلاح حەسەن پاڵەوان

جەستە ئەو شوێنە تایبەتییە کە تایبەتیمەندییەکانی بوونی مرۆڤ دیاری دەکات، لە ڕێگای ئەو بوونە تایبەتییەوە دەتوانین تێبگەین ژیان چییە و چۆن بیرکردنەوەمان دەستنیشان بکەین...؟ مرۆڤی ئەمڕۆ لەگەڵ مرۆڤی سەردەمی دێرین جیاوازیی هەیە، جەستەی مرۆڤی دێرین دەیتوانی بەرز بێتەوە بۆ ئاستێکی باڵا، تا ئەو ئاستەی بگاتە ئاستی خواکان، ئەمڕۆ جەستە لەنێوان زانست و بوونی خوڵاییدا زۆر لە نهێنییەکانی تێکشکاوە، بۆیە بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی خەیاڵ و خوا سەختە. کتێبی (فەلسەفەی جەستە) ی میشیلا مارزانو، خوێندنەوەی باری ئاڵۆزی جەستەیە و بانگەوازێکە بۆ ئەو شێوازانەی، کە هەر سەردەمێ بەسەر جەستەدا دەیسەپێنێت. جەستەی مرۆیی ناکرێ وەک شتێ لە شتەکانی تر تەماشای بکرێت. هەرچەندە لە هەموو سەردەمێکدا پیرۆزیی جەستە پێشێل کراوە، ئەو نهێنییانەی هەیبووە، خراوەتە ڕوو بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ببێتە تایبەتمەندییەک بۆ بینین و لێوردبوونەوە. سەرەڕای ئەو ڕوانینە کلاسیکییەی، کە بۆ جەستە هەیە، واتە دوانەی ڕۆح و جەستە، هێشتا جەستە نەتوانراوە بە تەواوی نهێنیەکانی ئاشکرا بکرێت، بۆیە زۆربەی ئەو مشتومڕانەی لەمەڕ ئەم بوونە تایبەتییە دەکرێ، دەسوڕێتەوە لە نێوان ئەوەی وەک ماتەریالێک تەماشای بکرێت، بەڵام لەولاشەوە ڕۆح دێتە ناوەوە. فەلسەفە یەکێک بووە لەو کێڵگە ئاڵۆزانەی ویستوویەتی لە نێوان نەفس و جەستە ماوەیەکی بەرفراوان دانێت. بۆیە کاتێ باس لە مەرگ دەکەین باس لە جیابوونەوەی جەستە لە نەفس دەکرێت، ئەوان پێیان وایە مەرگ جیابوونەوەی ئەم دووانە زیاتر هیچی تر نییە. واتە دوو کرۆک لە یەکتری جیا دەبنەوە. کاتێ ئەفلاتون و دیکارت لەسەر ئەم بابەتە وتوێژ و لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کرد، ئەو ڕاستییە پشتڕاست بووەوە کە نەفس و جەستە هەریەکەیان بەبێ ئەوی تر بوونی هەیە، بەڵام کاتێ یەکێکیان ئەوی تر بەکار دەهێنێ تا لە شتێک ورد بێتەوە، تێدەگا کە هەڵخەڵەتێنراوە. ئەفلاتون دەڵێت ئەگەر بمانەوێ لە هۆکاری ئاکارەکانی مرۆڤ بگەین دەبێ بەتەواوی لە جەستەی جیا بکەینەوە، واتە بە جیا لە جەستە بڕوانین. نەفسی مرۆڤ زۆر بەجوانی و کاملی هەڵسوکەوت دەکات ئەگەر هاتوو جیا بکرێتەوە لە گوێ، لە چاو و هیچ ئازار و خۆشییەک سەری لێنەشێوێنێت. دیکارت هەر لە نوسینە سەرەتاییەکانیەوە باسی لە جەستە کردووە و جەستەی وەک ئامێرێ شوبهاندووە. بە پێچەوانەی ئەرستۆ پێی وایە ئەرکە سەرەکییەکانی جەستە (وەک هەرسکردن، جوڵە، هەناسەدان و زاکیرە و خەیاڵ) جوڵەیەکی خۆبەخۆیین و خوا دەستنیشانی دەکات. بۆیە جیاکردنەوەی ئەم دووانە، واتە نەفس و جەستە لای دیکارت کارێکی ئاسان نییە، ئەم دووانە بەگشتی جیاوازن، بەڵام کاریگەرییان بۆ سەر یەکتری هەیە و کاردانەوەیان دەگۆڕنەوە و هیچیان بەبێ ئەوی تر کاری خۆی ناکات. لە بەشێکی تری ئەم کتێبە ئەمە دەخوێنییەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان سروشت و جەستە. کولتوور هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر جەستە کردووە، بە مەبەستی گونجاندن و ڕاهێنانی بەپێی یاسا بناغەیی و پێوانەکانی خۆی. هەر لە منداڵییەوە لە هەموو کۆمەڵگە و سەردەمێکدا وا چاککاری لە جەستەدا دەکرێ کە ڕەنگدانەوەی بەها و ئەو بڕوا باڵایانە بێت کە کۆمەڵگە وەک ئەرک داوای دەکات. لێرەوە ئەوەی بەتایبەت وا لە هەندێ لە مێژوونووسان و کۆمەڵناسان و ئەنترۆپۆلۆجیستە هاوچەرخەکان دەکات، ئەوەیە کە جەستە یەکەمین جێگەیە گەورە دەستی بەر منداڵ دەکەوێ و یەکەمین کەشوهەوایە کە سنووورە کۆمەڵایەتی و دەروونییە دیاریکراوەکان لەسەر ڕەوشت دیاری دەکرێت، هەروەها جەستە ئەو سیمبوولەیە کە کولتوور ئاماژەکانی خۆی لەسەر دەنەخشێنێ، وەک نەخشاندنی زۆر لە دروشمەکانی وەچە لەسەر جەستە. لەلایەکی ترەوە مارسیل موس لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە




ئاشکرا دەریخست، زۆربەی جووڵە و بارودۆخەکان دەرئەنجامی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەو ڕۆڵەی پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دیاری دەکەن، سەرباری ئەوەی دەکرێ خۆبەخۆیی بێت و وەڵامدەرەوەی لۆجیکی بزووتنەوە سروشتییەکان بێت، بەڵام دەبنە هۆی پێکهێنانی"تەکنیکی دەوڵەمەند لە ڕووی کولتوور و کردەوە کاریگەرەکانەوە". بۆیە تەکنیکەکانی جەستە، کە بریتین لە لەدایکبوون و منداڵی و هەرزەکاری و گەورەبوون "بەرهەمهاتووەکانی فیزیۆدەروونناسی کۆمەڵی ئاکارن" کە ئەوانیش "بەرهەمی عەقڵی کرداری و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسین". بۆیە دەبینیت شێوازی مەلەکردن لای پۆلینیزییەکان جیاوازە لە شێوازی مەلەکردن لای فەرەنسییەکان، هەر بۆ نموونە ئەمەریکایی و فەرەنسییەکان کاتێ ڕێ دەکەن جووڵەی باری قوڵ و دەستیان جیاوازیی هەیە. ئەمە تەنیا چەند بۆچوونێ بوو لەسەر شێوەی ڕوانینی کولتوورەکان بۆ ئاکاری جەستە، بەڵام لەمەش زیاتر لە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە ئەو بابەتانە دەخوێنینەوە کە باس لە لایەنە پاکیزەیی و پۆخڵییەکانی جەستە دەکات، قسە لەسەر جیاوازیی نێوان توخمی نێر و مێ دەکات. پاشان دنیای مۆدێرن کە چۆن دەستنیشانی جەستەمان دەکەن، چۆن بەو ئاقارە دەمانبەن کە دەستنیشانی شێوەی جەستەمان بکەین. بەشتبوونی جەستە بابەتێکە تێیدا باس لەوە دەکات کە جەستە چۆن لەنێو هەراوهوریای ریکلام و پڕوپاگەندە و مۆدە و فیلمەکان بۆ بەرهەمێ دەگۆڕێ، کە لە خۆڕسکی دەدەچێت. سروشت: ڕێگا خۆش دەکات بۆ مرۆڤ بەرەو باڵاتر لە بوونی خۆیان گەشە بکەن. گفتۆکۆ لەمەڕ ناکۆکیی نێوان سروشت و کولتوور، خۆڕسکی و وەرگێراو بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە، سەرەتای ئەم ناکۆکییە لە مێژووی کۆندا دەبینین، بۆ نموونە لای ئەرستۆ، ئەرستۆ لە ڕەوشتی نیکۆماخیس ئەو جیاوازییە بەدەر دەخات لەنێوان ژیان zoé کە هەموو بوونەوەرەکان تێیدا بەشدارن، هەروەها لە نێوان چەمکی bios واتە شێوەی ژیانی تاک یان کۆمەڵە خەڵکێک. گیانداران و بوونەوەری مرۆیی هەردووکیان هاوبەشی یەکترین لە سروشتدا، بەڵام لە بەرامبەردا کولتوور ڕێگا بە مرۆڤ دەدات بەسەر سروشتی خۆیدا زاڵ بێت و زیاتر لەوەی هەیە گەشە بکات و لەناو دڵی شاردا polis بگاتە باڵاترین پلە. بۆ نموونە لێرەوە جیاکاری لە نێوان هەردوو وشەی لۆگۆس logos و هاوار la phone جیاوازییەکە کە ئەرستۆ لەنێوان مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تر ئەنجامی دا، بەتایبەت لە سەرەتای کتێبەکەی (سیاسەت la politique ) هاتووە کە "مرۆڤ هیچ گومانی تێدا نییە زیندەوەرێکی سیاسییە"، مرۆڤ لەنێو هەموو زیندەوەراندا، یەکەمین زیندەوەرە کە خاوەنی لۆگۆسە، هەروەها لە ڕووی نەفسیشەوە، ئەوە دیاری دەکات کە "هەر دەنگێک کە زیندەوەر دەری دەپەڕێنێ دەنگ نییە، لەبەرئەوەی دەنگ ژاوەژاوە دەگەیەنێت، نەک تەنیا فوو پێداکردنی هەوا". ئەم کتێبە پێنج بەشدا گرنگترین گرفتەکانی نێوان جەستە و فەلسەفە دەردەخات، تەنیا بەوە ناوەستێت کە جەستە لە شتە ماددی و ڕۆحییەکان کورت بکاتەوە و سەرقاڵی بیری فەلسەفە بێت، لەوێوە باز دەدات بەرەو بەستنەوەی ئەم دوو شتە بە شێوە جیاوازەکانی ژیان لە هەر سەردەمێکدا.

سەرچاوە:
فلسفه الجسد/ میشیلا مارزانو – ترجمه: نبيل أبو صعب/ مج 2011

# هونەرمەندی پەیکەرساز و شێوەکاری هۆڵەندی ئاری ئاچیە فێدڵهۆن لە تەمەنی 84 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد




دوا لاپەڕەی ژمارە 9 ی تاراوگەی ڕۆژی 15–09–2018 مان بۆ ئاری یوهانس (ئاچیە) فێڵدهۆن تەرخان کردبوو، بە کورتی چەند تابلۆیەکیمان بڵاوکردبۆوە و لەسەر ژیانی هونەری دوابووین، بەداخەوە ناوبراو ڕۆژی 09–12—2018 لە تەمەنی 84 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئاری لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی 1934 لە ئەمستردام لەدایک بووە و لەوێ گەورە بووە، لە باوکییەوە کاری وێنەکێشان فێربووە، کاتێک خەریکی وێنەکێشانی ڕیکلامە بووە، کە یەکەم نیگارکێشی ئەو بوارە بووە. لە ژیانی هونەریدا وەک وێنەکێش دەستپێکردووە و پاشان وەک نیگارکێشیکی هونەری ئازاد ناسراوە. گرنگی بە وردەکاری وێنەکێشانداوە، پاشان وێنەی دیمەنی سروشتی و (خودی)کەسی و ژنانی ڕووتی کێشاوە. لە نێوان ساڵانی 1964 و 1967 دا ئاچیە بە ئۆتۆمبێلەکەی لە ناو ئەمستردامدا، بەرهەمی سێ گەلەری بۆ فرۆشتن دەگێڕا، فیلدهون بە شێوازی تایبەتی خۆی بازاڕی بۆ کارە هونەریەکان دەدۆزییەوە، کە لەو کاتانەدا، ئاسان نەبوو ئەو کارانە نەخش ونیگار و چاپەمەنی بەردین ساخ بکرێتەوە. ساڵی 2004 لە یادی 70 هەمین ساڵەی لەدایک بوونی فیلدهۆندا، مۆزەخانەی ڕامبراندهاوس پێشەنگایەکیان بۆ کارە هونەریەکانی کردەوە، وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری و داهێنەرێکی هونەری ئازاد، هەروەها هەمان ئەم کارانە لە پێشەنگای Animaux لە ڕۆتەردام ساڵی 2006 .


تــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807






Poster van Film by the Sea 2018, ontworpen door Aat Veldhoen. © Film by the Sea

